# Adrenal Insufficiency

## سستی سەرگورچیلە گلاند

د. ئاکام علی سعید

## سەرگورچیلە گلاند

دوو ڕژێن کەوتوونەتە بەشی سەرەوەی گورچیلەکان ، چەند هۆرۆنێك دەرئەدەن کە فەرمانی شانە و ئەندامەکانی لەش ئەدەن چالاك ئەکەنەوە .

هەر یەك ئەم دوو گلاندە لە دوو بەش پێکهاتوون:

بەشی کرۆك ( Medulla ) کە ئەدرینالین دەرئەدات و بەشی توێکڵ ( Cortex ) کە چەند هۆرمۆنێك دەرئەدات پێیان ئەوترێت ستیرۆیدەکان ( Corticosteroids )
کە بریتین لە ( Glucocorticoid ) و ( Mineral Corticoid ) و ( Androgen ) ..

هەندێك لەم هۆرمۆنانە بۆ ژیان پێویستن :

1- Glucocorticoids : بۆ نموونە ( کۆرتیزۆن و کۆرتیزۆڵ ) توانا بە لەش ئەدەن کە لەخۆراك وزە دروست بکات و بەشێکن لە کۆئەندامی بەرگری لەش و کاردانەوەی لەش لە باری ناهەمواردا .
2- Mineralicorticoids : بۆ نموونە هۆرمۆنی ئەڵدۆستیرۆن ( Aldosterone ) ئاستی سۆدیۆم ( Na ) و بۆتاسیۆم ( K ) و ئاو هاوسەنگ ڕائەگرن کەوا ئەکات پەستانی خوێن لە ئاستی ئاسایدا بمێنێتەوە .

## Primary adrenal Insufficiency

## سستی بنەرەتی سەرگورچیلە گلاند

بریتیە لەو نەخۆشیانەی کەتێیدا بەشی توێکڵ ( کورتیکس ) تێك ئەشکێت و هۆرمۆنەکان دروست نابن ، ئەمەش زۆربەی کات لە ئە نجامی تێکشکانی خانەکانەوە لەلایەن لەش خۆیەوە واتە بەرگری خۆخۆری ( Auto Immune ) ەوە ڕووئەدات ,بەڵام هەندێك جار هۆکاری دووەمی هەیەکە خانەکان تێك ئەشکێنێ ،وەك

- سیل
- نەخۆشی یە میکرۆبیەکان
- شێرپە نجە
- خوێن ڕژانە گلاندەکانەوە

## Secondary Adrenal Insufficiency

## سستی لاوەکی سەرگورچیلە گلاند

کاتێك ڕوو ئەدات کە نەخۆشیەکە لە ژێرلانکە ( Hypothalamus ) یان ژێر مێشکە گلاند ( Pituitary Gland ) دا بێت .. ژێرمێشکەگلاندهۆرمۆنێك دەرئەدات کە پێ ی ئەوترێت سەرگورچیلەتوێکڵهەژێن ( Adrenocortico Tropic Hormone ) ACTH کەهانی توێکڵی سەرگورچیلە گلاند ئەدات بۆ دەردانی هۆرمۆنەکان , کەم دەردانی سەرگورچیلەتوێکڵهەژێن ئەبێتە کەمدروستبونی هۆرمۆنەکانی سەرگورچلیە گلاند .

هەروەها ئەم نەخۆشیە لەو کەسانەدا ڕووئەدات کە بۆ ماوەی درێژخان دەرمانی ستیرۆید ( کۆرتیزۆن ) وەرئەگرن ،وەك ئەوانەی نەخۆشی بەرهەنگیان هەیە ،کاتێك بەشێوەیەکی کت و پڕ واز لە ستیرۆید ئەهێنن سستی لاوەکی سەرگورچیلە گلاند سەرهەڵئەدات .

## نەخۆشی ئەدیسن (Addissons disease) :

یەکێکە لەنەخۆشیەکانی سستی بنەرەتی سەر گورچیلە گلاند (Primary Adrenal Insuffiency) کە خانەکانی توێکلی سەرگورچیلە گلاند تێک ئەشکێت و ئاستی دروستبونی هۆرمۆنەکان کەم ئەبێتەوە ..

سکالاّ و نیشانەکانی لەماوەی چەند مانگێکدا دەرئەکەوون کە بریتین لە :

1- لاواز بوونی ماسولکەکان و هەست بە ماندوویی کردن.
2- کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و دابەزینی کێشی لەش .
3- تۆخ بوونی ڕەنگی پێست .
4- دابەزینی پەستانی خوێن .
5- سك چوون و ڕشانەوە .
6- خەمۆکی
7- زۆر ئارەزووکردنی خواردنی سوێری

ئەم نەخۆشیە لەهەموو تەمەنێکدا ڕووئەدات و بەتایبەتی لەو کەسانەدا زیاترە کە تەمەنیان لە نێوان 30 -50 ساڵە .

چارەسەر :بریتیە لە وەرگرتنی هۆرمۆنەکان بەشێوەی دەرمان بۆ قەرەبۆکردنەوەی کەم دروستبونی هۆرمۆنەکانی لەش ..